# وێنەی خواستن لە شیعرەکانی شێخ نوری شێخ ساڵح دا

**مامۆستای یاریدەدەر عەبدولسەلام سالار**

**کۆلیژی زمان/ زانکۆی سلێمانی**

## پێشەکی

ئەم باسە بەشێکە لە نامەیەکی دکتورا کە بەناوی ( گەشەی وێنەی هونەری لە شیعری شێخ نووری شێخ سالح دا ) کە بە نیازم پێشکەشی بەشی کوردی – کۆلیجی زمان – زانکۆی سلێمانی بکەم بە پێی ڕێنمایی خوێندنی بالا خوێندکار دەبێت تێزێك لەو نامەیە لە گۆڤارێکی زانستیدا بلاو بکاتەوە پێش وەرگرتنی بڕوانامەکە وە ئێمەش چمکێك لە بەشی ( وێنەی خواستن لە شیعرەکانی شێخ نووری شێخ سالح دا ) بلاّودەکەینەوە ٠ ئاشکرایە کە خواستن ڕەوانترین هونەرەکانی وتنەو تێیدا هەردوولا ( بۆ خوازراو ، لێخوازراو ) دەچنە ڕەگەزی یەکەوە و لە وە تێپەڕ دەکات کە باسی چواندن بێت .

هۆی هەڵبژاردنی ئەم باسە ئەوەیە کە تا ئێستا ئەو لێکۆڵینەوەیانەی لە بارەی بەرهەمەکانی ئەم شاعیرەوە کراوە زۆر کەمن بەتایبەت لە بارەی وێنە هونەرییەکانییەوە .

ئامانجی ئەم باسە دەست نیشان کردنی ئاستی وێنە هونەریەکانی شاعیرەو تیشك خستنە سەر ڕۆڵی جۆرەکانی خواستنە لە چنینی وێنەی هونەریدا

ئەم باسەمان لە سێ بەشدا بە ئە نجام گەیاندووە کە بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە :

بەشە یەکەم : وێنەی خواستن بە پێی هاتن و نەهاتنی لێخوازراو یان بۆ خوازراو لە وێنەکەدا ، ئەمەش بەسەر سێ تەوەردا دابەشمان کردووە

تەوەری یەکەم وێنەی خواستنی ئاشکرا.

تەوەری دووەم وێنەی خواستنی نواندن

تەوەری سێ یەم وێنەی خواستنی شاراوە.

بەشی دووەم : لەم بەشەدا باسمان لە هەردوو جۆری جووڵە ( جووڵاو، جووڵە بەخش ) لە دوو تەوەردا کردووە

تەوەری یەکەم: وێنە خواستنی جووڵاو

تەوەری دووەم : وێنەی خواستنمی جووڵە بەخش

بەشی سێیەم ئەم بەشەش کە دوا بەشی باسەکەیە لە بارەی ئەرکی وێنەی خواستنەوە کۆڵیومانەتەوە و بەسەر چوار تەوەردا دابەشمان کردووە

تەوەری یەکەم : بەرجەستەکردن

تەوەری دووەم : بەکەسکردن

تەوەری سێیەم : پێکەوە گونجانی ناکۆکەکان

تەوەری چوارەم : بێزراو کردن و جوان کردن

لە کۆتاییدا ئەو ئە نجامانەمان خستووەتەڕوو کە لە باسەکەدا پێی گەیشتوون

( بۆ دەست نیشان کردنی نموونە شیعرییەکان پشتمان بە دیوانی شێخ نووری شێخ سالح- ئازاد عەبدولواحید ) بەستووە وە ژمارەی لا پەڕەکانیشمان لەسەر دێڕە شیعرەکە دیاری کردووە.

### بەشی یەکەم

## وێنەی خواستن بە پێی هاتن و نەهاتنی لێخوازراو یان بۆخوازراو لەوێنەکەدا

### تەوەری یەکەم

١. وێنەی خواستنی ئاشکرا (التصريحية):

ئەم وێنەیە بەوە دێتەدی کە تەنیا واژەی لێخوازراو (المستعار منه) بەئاشکرا لەدەربڕینەکەدا بهێنیتەوە و مەبەست [1] لە بۆخوازراو (المستعار له) بێت، لەم جۆرە وێنەیەدا لەوە تێپەڕ دەبێ کەباسی نزیکی نێوان هەردوولا کە[2] (لێخوازراو، بۆخوازراو) بکەین، بەڵکو لێرەدا هەردوو ئاوێتەی یەکتر دەبن و دیمەنێکی یەکگرتوویان دەبێت، خواستن بەگشتی بۆ ئەوەیە کە چەمك و پێوەندی وا دەربڕێ کە واژەکان بەبێ یارمەتی ئەو نەتوانن ئەو شێوە پێوەندییانە دروستبکەن و دەریان ببڕن وەکو ئەوەی کە مرۆڤ ناتوانێ تاقەوەبووەکان دەرببڕێ تەنیا بەشێوەی هەستی نەبێ، واتا تاقەوەبووەکان (المجردات) کاتێ درکیان پێدەکرێت کە بەخواستن پۆشتە بکرێن وەکو چەمکی ئاشتی کە پەنا بۆ کۆتر یان چڵە زەیتوون دەبرێت بۆ ئەوەی بەرجەستە بکرێت هەرچەندە خواستن بەئامادەکراویی نییە بەڵکو لەڕەوتی رستەکەداو بە پێی پێوەندی نێوان وشەکانی ئەو رستەیە خواستن درووست دەبێت.

زانستی دەروونناسی لەم بارەیەوە دووپاتی کردووەتەوە کەمرۆڤ لەقۆناغی سەرەتاییدا بیری چەمکە تاقەوەبووەکان نانوێنێ و لەوشتە هەستیانە تێناپەڕێ کە ناویان بۆ دانراوە بەڵام دوای ئەوە چەمکی تاقەوەبوو وەردەگرێ و ئەمجا هەوڵ دەدات بەو واژانە بەرجەستەیان بکات کە دەلالەت لەسەر شتە هەستیەکان دەکەن، ئەمەش بەڕێگای خواستنەوە دەبێت بەڵام ئەمە لەبیر دەچێتەوە و نامێنێ و مرۆڤ وا گومان دەکات کە ئەو وشەیە [3]رۆژێ لەڕۆژان دەلالەتی لەسەر شتێکی هەستی نەکردووە وەکو وشەی کافر کە لەبنەڕەتدا واتای شەو دەگەیەنێ، د.وحید صبحی لای وایە ئەم جۆرە خواستنە (ئاشکرا) لای بەلاغییە کۆنەکان پەسەندتر بووە [4] چونکە لەسەر پێوەندی لێکچوون و پارێزگاری لەو جیاوازییەی کە لەنێوان هەردوولادا هەیە دروستبووەو خواستنی شاراوەیان لا پەسەند نەبووە چونکە لەسەر پێوەندی یەکبوون و گواستنەوە دروستبووە بەڵام لەراستیدا لەهەردوو جۆری خواستندا (ئاشکراو شاراوە) پارێزگاری لەهەردوولا نەکراوە بەڵکو بوونە بەیەك واتا لەخواستنی ئاشکرادا (لێخوازراو و بۆخوازراو بوونە بەیەك وەکو وشەی (شێرەکە بە شمشێرەوە هات)) لێرەدا شێر کە واتای ئاژەڵ دەگەیەنێ لەگەڵ پیاوی ئازادا بوونە بەیەك و پارێزگاری لەلاکان نەکرا هەروەها لەخواستنی شاراوەشدا تەنیا ئەوە هەیە کەلە خواستنی شاراوەدا زۆرجار لەخەیاڵیش دەردەچێت و وەهم رۆڵ لەچنینی وێنەکەدا دەبینێ.

دایگرن توخوا فرێی بدەن بیخەنە تەندوورەوە

حەیفە رۆژی روو ئەنێنە ناو شەوی دەیجوورەوە [34]

لەم دێڕەدا (شەوی دەیجوور) خوازراوە بۆ (پەچە) لەبەر پێوەندی لێکچوون لەنێوانیاندا، وێنەکە بەڕێگای خواستنی ئاشکراوە دروستبووە چونکە واژەی (شەو) بەئاشکرا هاتووە، لەوێنەکەدا بۆخوازراو چووەتە رەگەزی لێخوازراوەوە کە شەوە، هێنانی دەستەواژەی (شەوی دەیجوور) ئەوەی تێپەڕاندووە کە تەنیا مەبەست

لەڕەشی بێت بەڵکو ئیحای دواکەوتوویی و ڕێگری مرۆڤ دەکات لەڕێڕەوی ژیانیدا، لێرەدا هەردوولای خواستنەکە ( لێخوازراو شەوی دەیجوور و بۆخوازراو پەچە ) هەستین.

هەر نەونیهالی کوردە بەخوێنی ئاڵەوە

گەوزانی خاك و خوێنە شەهیدی شەجاعەتە [٣٨٦]

هەروەها دەڵێ

بۆ بەشی ئێمە کفن بوو، وا لە دنیاو ئاخیرەت؟

لێرە ڕەش، لەولا سپی، ببڕێ بە باڵامانەوە[٤٣٤]

لەم دێڕەدا، کفن دوو جۆرە، ئەو جۆرەیان کە ڕەشە، خوازراوە بۆ پەچە و بەڕێگای خواستنی ئاشکرا وێنەیەکی جوانی دروستکردووە.

**شیکردنەوەی بەلاغەی کۆن:**

لەنیوەی یەکەمی ئەم دێڕەدا وێنەکە بەڕێگای خواستنی ئاشکراوە چنراوە، چونکە واژەی نەونیهال بەئاشکرا خوازراوە بۆ لاوانی کورد کە بۆخوازراوە (مستعار له)، لێرەدا ئەرکی وێنەکە سنووردارەو تەنیا مەبەست لەتەمەنی گەنجی و جوانی ئەو کوردانەیە، هەردوولای خواستنەکە هەستین، خواستنەکەش بەشێوەی خواستنی ( پەتی- المجرد ) هاتووە چونکە زیاتر لەشتێك هاتوون و سەربە بۆخوازراون ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی دەربڕینەکە زیاتر لەناوچەی خوازەیی دووربکەونەوەو بەرەو حەقیقەت بڕۆن و ئەو ئیدیعای بوون بەیەکە کزبکات کە لەنێوان نەونیهال و گەنجانی کورددا هەیە.

**شیکردنەوەی نوێ:**




١- چرکەساتی یەکەم/ لێکدوورکەوتنەوەیە لەنێوان (نەونیهال) و وشەکانی تری ڕستەکەدا چونکە نەگونجاون لەڕووی واتاوە.

٢- چرکەساتی دووەم/ ڕەوینەوەی ئەو لێکدوورکەوتنەوەیە، ئەمیش بە پەڕینەوە لەواتای فەرهەنگی ( نەونیهال ) ەوە بۆ واتای خوازەیی کە ( لاوان ) دەگەڕێتەوە.

دایم بەگڕی ئاگری تۆ سینە کەبابم

چاوم لەغەم و میحنەتت فرمێسك ئەڕژێنێ [١٨٥]

**شیکردنەوەی بەلاغی کۆن:**

لەم دێڕەدا گڕی ئاگر خوازراوە بۆ خەم و خەفەتی پەنگخواردووی سینەی شاعیر، لەوێنەکەدا تەنیا لێخوازراو هاتووەو بەئاشکراش واژەکەی هاتووە لەبەرئەمە پێی دەوترێت وێنەی خواستنی ئاشکرا، بۆخوازراو ژێرییەو لێخوازراو هەستیە لەم جۆرە خواستنەیەدا واژەکە بەئاشکرا دەخوازرێ بە پێچەوانەی خواستی شاراوەوە کەتەنیا واتای وشەکە دەخوازرێ ئەمەش بەهۆی پێوەستێکەوە بۆی دەچین.

ئەم وێنە خواستنانە بناغەیەکی زمانی دەلالیان هەیە چونکە [5] چواندنەکانیان بەو کۆڵەکەیەوە بەندە کەسیمای هاوبەشی نێوانیان خۆی دەنوێنێ و دەتوانین بەرێگای خستنەڕووی کۆمەڵە سیفەتی هەریەکەیانەوە بیخەینەڕوو.

**شیکردنەوەی نوێ:-**




١- چرکەساتی یەکەم/ دوورکەوتنەوەی وشەکانی رستەکەیە لەگەڵ ئاگردا لەرووی واتاوە چونکە پێکەوە ناگونجێنم و ئاگر لەسینەدا بوونی لۆجیکی نییە.

٢- چرکەساتی دووەم/ بە پەڕینەوە لەواتای یەکەمی (گڕی ئاگر) ەوە بۆ واتای دووەمی (خوازەیی) کە تینی غەم و خەفەتە، ئەو کەلێنەی کە لەواتای رستەکەدا هەبوو پڕدەبێتەوە.

**تەوەری دووەم:**

**وێنەی خواستنی نواندن:**

ئەم جۆرە هونەرە، خواستنی وێنەیەکە کە لەچەند شتێك (پێچوێنراو- مشبە بە) ێکەوە وەرگیراوە بۆ وەسفکردنی [6] وێنەیەکی تر کە ئەویش لەچەند شتێك (چوێنراو- مشبە) ێکەوە وەرگیراوە، ئەم خواستنە تەنیا بەئاوێتەیی دێت و لەبەشەکانی خوازەی تاك ناژمێررێت، لەخواستنی ئاشکراو شاراوەدا کۆکەرەوە (الجامع) لەنێوان تاکەکاندایە [7] بەلام لێرەدا کۆکەرەوە لەنێوان دوو پێکهاتەدا دەبێت و زنجیرە خواستنێکە یاسایەکی سینتاکسی [8] پێکەوە دەیانبەستێتەوە، بەکارهێنانی پێکهاتەیەکە کەبۆ واتایەکی تر نەك واتا رەگەزییەکەی (اصلی)، ئەمەش لەبەر پێوەندی لێکچوونی لەنێوان هەردوو حاڵەتەکەداو رووی لێکچوونیش لەچەند شتێکەوە وەرگیراوەو زۆر لە پەندە پێشینانەکان خواستنی نواندن بوون و دوای بلاوبوونەوەیان لەناو کۆمەڵدا ئەم شێوەیەیان وەرگرتووەو چەسپاون.

د.کامیل بەسیر بەخواستنی لێکدراو [9] ناوی دەبات کە بەدەربڕینێك یاخود رستەیەکی تەواو کەزۆرجار پەندێکی پێشینانە، ئە نجام دراوەو ئەم جۆرە خواستنە تەنیا بەشێوەی [10] خواستنی ئاشکرا دێت.

ئەم هونەرە شێوازێکی گرنگە لەدارشتنی پەندە پێشینانەکانداو وێنەکانی کە سیفەتی هەستییان هەیە دەربڕی نواندنێکی خەیاڵین.

ئانێ بێشەی شێر ئەکاتە لانەیی رێوی غەریب

بەینێ ئەیبینی کەسەر گەرِ گەرِ بەلاشەی فیل ئەکا [٣٨١]

شاعیر لەم دێرِەدا، لە دەربرِینی دادو بێدادی خۆیدا لەدەست زەمانە وێنەیەکی هێناوەتەوە کە لەدوولایەن پێکهاتووە (بیشەی شێر) (لانەی رێوی) وێنەکە وەستاو نییە بەڵکو گۆرِینی (بێشەی شێر) بۆ (لانەی رێوی) یە، ئەم دیمەنە هەستییە زەینی مرۆڤ بۆ وێنەیەکی تر دەبا کە ئەویش شوێنی پیاوی چاك و ئازایە کەدەبێتە شوێنی پیاوی خراپ و ترسنۆك و فێڵباز، لەوێنەی یەکەمدا کە پێچوێنراوە، زیاتر لە پێچوێنراوێکی تێدایە کە ئەوانیش (بێشەی شێر) و (لانەی رێوی) یە و لەوێنەی دووەمدا کە چوێنراوەو نەهاتووە زیاتر لە چوێنراوێکی تێدایە کە ئەوانیش شوێنی پیاوی چاك و شوێنی پیاوی خراپ و فێڵبازە بەلاَم لەهەردوو وێنەکەدا (هەردوو بەشی وێنەی یەکەمدا) پێکەوە وێنەیەکیان درووستکردووەو پێچوێنراوەکان (لێخوازراوەکان) پێکەوە وێنەیەکیان درووست کردووە.

هەروەها (سید احمد الهاشمی) یش ئەم دێرِەی خوارەوە شی دەکاتەوەو بە چواندنی [١١]جیاکراو (تشبیه مفروق) ی لەقەڵەم دەدا.

تبکي فتذري الدر من نرجسٍ و تمسح الورد بعناب

لەشێوەی دارِشتنی وێنەکەوە، ئێمە خواستنی نواندنی تێدا بەدی دەکەین چونکە تەنیا لێخوازراو هاتووەو رووی لێکچوونیش لەزۆر شتەوە وەرگیراوە.

دورِو فرمێسك – سپی و بێ گەردی کۆیان دەکاتەوە

وەرد و رِوو سووری و جوانی کۆیان دەکاتەوە

عناب و پە نجەکان – ناسکییە

تەوەری سێیەم:

٢. وێنەی خواستنی شاراوە (خواستنی درکاو):

خواستنی شاراوە: ئەو خواستنەیە کە تێیدا پێچوێنراو [٢١] لادەبرێ، بەلاَم بەشاراوەیی دەهێنرێتەوە ئەمەش بەرێگای هێنانی شتێك لە پێوەستەکانیەوە دەبێت، واتا لەم هونەرەدا واژەی خوازراو بەئاشکرا ناهێنرێ بەڵکو تەنیا واتای بەرێگای درکەوە دەخوازرێت و لەبەرئەوەی لێخوازراو نایەت پێوەندی لێکچوونەکە لەوێنەکەدا دوای لێ ورد بوونەوە دەردەکەوێ چونکە گەیشتن بەواتا لەم جۆرە خواستنە دوای چەند پرۆسەیەك دەبێت.

ئەم جۆرە خواستنە لەدایکبووی (حدس) ە [٣١] و (حدس) یش سۆزدارییە کە لێکچوون تێپەرِ دەکات و سۆزو تێرِوانینی ناوەوەی مرۆڤ تێکەڵ بەشوێنەوارە هەستیە دەرکیەکانی مرۆڤ دەبێت و وێنەی بەکەسکردن (التشخیص) دەخوڵقێنێ، ئەمەش ئاوێتەبوونی کەسێتی و بابەتە ئەم جۆرە هونەرە بەو پێوەندییە ژێرییە قووڵانەیەوە بوارێکی فراوانتر بەوێنەی هونەری [٤١] دەبەخشێ کە پێوەندی زۆری بەهەستەوەیە.

بنیادی ئەم هونەرە زۆر ووردترەو لەشێوازی دەربرِیندا چەسپاوە، چونکە توانایەکی بەرزی لەچرِکردنەوەدا هەیەو پێوەندییەکەش کە چواندنەو لەوێنە پێکهاتووەکەدا شاراوەتەوەو دوای وردبوونەوەیەکی زۆر، گوێگر پێی دەگات چونکە لێخوازراو تەنیا بەرێگای پێوەستێکیەوە دەرکەوتووە.

ئەم هونەرە پێکهاتووە لەوێنەیەکی خەیاڵی سەرەکی و وێنەیەکی خەیاڵی لاوەکی تر بووە بە پاشکۆی کە

پێوەستەکەشیەتی. لەم هونەرەدا، مێشکی گوێگر بەزیاتر ٥[1] لە پرۆسەیەك دەگاتە واتای مەبەست کە ئەویش گەیشتنە بەواتای لێخوازراو بەهۆی پێوەستەوە کە ئەم قۆناغە درکەیە، دوایش چەسپاندنی واتاکانی لێخوازراوە لە بۆخوازراودا.

ئەمشەو بەیادی تۆوە نەنووستم هەتا بەیان

لێم هاتە گفتوگۆ قەڵەمی تیژی دوو زبان [٣٧٦]

**شیکردنەوەی بەلاغەی کۆن:**

وێنەی هونەری ئەم دێڕە بەرێگای خواستنی شاراوە دروستبووەو ئەوەی کە خوازراوە بۆ قەڵەم وێنەی مرۆڤەو بەئاشکرا نەهێنراوە بەڵکو بەرێگای درکەوە وێنەی مرۆڤ خوازراوەو، لەوێنەکە نەهاتووە تەنیا پێوەستێکی نەبێت کە ئەویش (گفتوگۆ) یە.

دەتوانین بڵێین ئەم وێنەیە بەرێگای خواستنی ئاشکرای پاشکۆییەوە دروستبووە، (گفتوگۆ) خوازراوە بۆ (نووسی) واتا خواستنەکە لەفرماندا ڕوویداوە لەبەرئەمە پێی دەوترێت خواستنی ئاشکرای پاشکۆیی (الأستعارة التصريحية التبعية).

هەر کەڕووی تۆی دی ئیرادەی بەیعەتی کرد ئافتاب

طوڕەیی موشکینی تازەی کردەوە ئیمانی شەو [٢٢٧]

ئافتاب کەسێك نییە ببینێ یان ئیرادەی بەیعەت بکات بەڵام شاعیر لێرەدا لەشێوەی کەسێکدا بینیوێتی، واتا وێنەی کەسێك خوازراوە بۆ ئافتاب بەڵام لەدەربڕینەکەدا بەشێوەی درکەو شاراوە هاتووە، ئەمەش خواستنی شاراوەیە، هەروەها لەبارەی (شەو) یشەوە کە ئەویش طوڕەیی موشکینییە واتا پرچی موشکینییە، ئەمەش وێنەی کچێکی پرچ ڕەشی بۆ خوازراوە بۆ (شەو) بەڵام لەدەربڕینەکەدا بەشاراوەیی هاتووە، لێرەشدا دەتوانین بەدوو شێوە شیبکەینەوە:

١- شەو چوێنراوە بە کچێك، کچەکە نەهاتووە تەنیا پێوەستێکی هاتووە کە طوڕەیەتی (پرچێتی) ئەمەش خواستنی شاراوەیە.

٢- تاریکی شەو چوێنراوە بە طوڕەیی موشکینی، لەدەربڕینەکەشدا تەنیا طوڕەیی موشکینی هاتووە کە لێخوازراوە (مستعار منه) ئەمەش خواستنی ئاشکرایە.

جیاوازییەك لەنێوان سەکاکی و قەزوینیدا هەیە لەبارەی شیکردنەوەی وێنەیەکی هاوشێوەی ٦[1] وێنەی گفتوگۆی قەڵەم.

**شیکردنەوەی نوێ:-**

ئەمشەو بەیادی تۆوە نەنووستم هەتا بەیان

لێم هاتە گفتوگۆ قەڵەمی تیژی دوو زبان

١- چركەساتی یەكەم/ لێكدووركەوتنەوەی نێوان گفتوگۆو قەڵەم، چونكە قەڵەم گفتوگۆ ناكات.

٢- چركەساتی دووەم/ بەپەڕینەوە لەواتای یەكەمی گفتوگۆوە بۆ واتای خوازەیی كە پێنووسینە گونجاندن لەنێوانیاندا درووست دەبێت.

قەڵەم هاتە گفتوگۆ

↓

بە قەڵەم نووسیم

↓

شیعرم نووسی

نێژرا سروورو خەم سەری هێنایە دەر لەخاك

خەو كەوتە چاوی خۆشی و هەڵسا لەخەو كەدەر [١٣٣]

**شیكردنەوەی بەلاغەی كۆن:-**

لەم دێڕەدا چوار وێنەی هونەریی بەدی دەكرێن و هەموویان بەڕێگای خواستنی شاراوە درووستبوون، لەهەردوو وێنەكەی نیوە دێڕی یەكەم دا وێنەی ڕووەك بەڕێگای دركەوە خوازراوە بۆ سروورو خەم چونكە ڕووەك وەكو واژە نەهاتووە بەڵكو پێوەستی كە (نێژرا) و (سەری هێنایە دەر) هاتوون. دەشتوانین بڵێین وێنەی مرۆڤ خوازراوە بۆ سروور و خەم بەلام بەواژە نەهاتووە بەڵكو پێوەستی هاتووە كە (نێژرا) و (سەری هێنایە دەر) ە.

لەنیوە دێڕی دووەمدا (خەو كەوتە چاوی خۆشی) (لەخەو هەستا كەدەر) وێنەكان دیسان بەڕێگای خواستنی دركەوە درووستبوونە، وێنەی مرۆڤ بۆ (خۆشی) و (كەدەر) خوازراوە، مرۆڤ وەكو واژە نەهاتووە بەڵكو بەڕێگای پێوەستی (چاو) و (لەخەوهەستان) ەوە بە (مرۆڤ) ی خوازراو، ئاشنا دەبین.

لەبارەی هاوشێوەی (خەو كەوتە چاوی خۆشی) یەوە زانایانی ڕەوانبێژی بەشێوەی جیاواز لێكی دەدەنەوە سكاكی لەوشەی (خۆشی) یەوە بۆی ٧[١] دەچێت و بەخواستنی شاراوەی لەقەڵەم دەدا بەوەی كە خۆشی چوێنراوە بەمرۆڤ كە نەهاتووە بەلام پێوەستی مرۆڤ كە (چاو) ە هاتووە بەلام خەتیبی قەزوینی لەوشەی (چاو) ەوە بۆی دەچێت و دەڵێت خۆشی شتێكی هەیە چوێنراوە بەچاو، چاو نەهاتووە كە لێخوازراوە، واتا خواستنەكە ئاشكرایە، هەروەها دەتوانین بڵێین وێنەكانی تر بەڕێگای خواستنی ئاشكرای پاشكۆییەوە (التصریحیة التبعیة) درووستبوون، فرمانی (نێژرا) و (سەری هێنایە دەر) خوازراون بۆ (نەما) و (دەركەوت) و هەروەها (هەڵسا لەخەو) خوازراوە بۆ دەركەوتن و درووستبوونی كەدەر، خواستنەكان لەفرماندا درووستبوون لەبەرئەمە وێنەكە بەخواستنی ئاشكرای پاشكۆیی درووستبووە.

**شیكردنەوەی نوێ:**

١- چركەساتی یەكەم/ لێكدووركەوتنەوەیە لەنێوان (هەڵسا لەخەو) و (كەدەر) دا لەڕووی واتاوە، چونكە كەدەر توانای لەخەو هەستانی نییە.

٢- چركەساتی دووەم/ ڕەوینەوەی ئەو لێكدووركەوتنەوەیە بەگەیشتن بە واتای خوازەیی (هەڵسا لەخەو) كە پەیدابوونە.

مەدلوولی ( ٢ ) واتای خوازەیی
مەدلوولی ( ١ ) واتای فەرهەنگی




مەگەر خەمێ کە لەناکاو رژایە لادێ و شار
بە کارەساتی وەفاتی ئەدیبی دانشوەر [١٢٣]

**شیکردنەوەی بەلاغەی کۆن:-**

( خەم ) شلەیەك نییە برژێت، هەروەها کرداری ( رژایە ) بۆ ( خەڵك ) یش بەکاردێت، دەوترێت خەڵکی رژانە سەر شەقامەکە، بەڵام لەباری ئاساییدا بۆ خەم بەکارنەهاتووە کە لێرەدا شاعیر بەکاری هێناوە. خەم تووشی خەڵکی لادێ و شار دێ، واتا شاعیر کرداری ( رژایە ) ی بۆ ( تووشبوو ) ی خواستووەو، تەنیا لێخوازراو هاتووەو، خواستنەکەش لەکرداردا روویداوە، بەم شێوەیە خواستنی ئاشکرای پاشکۆیی دروستبووە، واتا لەرێگای کردارەکەوە خواستنی ئاشکرای پاشکۆیی دروستبووەو، لەرێگای بکەرەکەشەوە کە ( خەم ) ە وێنەی خواستنی شاراوە دروستبووە، چونکە واتای ( خەڵك ) یان ( شلە ) خوازراوە بۆ ( خەم ) ئەمەش بەرێگای پێوەست ( قرینە ) ی ( رژایە ) وە پێیدەگەین لەرستەکەدا ( خەم ) کە بۆخوازراوە هاتووەو لێخوازراو نەهاتووە، بەم شێوەیە خواستنی شاراوە دروستبووە.

**شیکردنەوەی نوێ:**

مەگەر خەمێ کە لەناکاو رژایە لادێ و شار
بە کارەساتی وەفاتی ئەدیبی دانشوەر [١٢٣]

پرۆسەی دروستبوونی وێنەکە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

١- چرکەساتی یەکەم/ لێکدوورکەوتنەوەیە لەنێوان ( رژایە ) و وشەکانی تری رستەکەدا چونکە هیچ پردێکی پێوەندی لەنێوانیاندا نییە، خەم واتاییەو ( رژا ) سیفەتی شلەیە.
٢- چرکەساتی دووەم/ چرکەساتی پرکردنەوەی ئەو کەلێنەیە کە لەجەستەی دێرەکەدا لەرووی واتاوە رووی داوە، ئەمەش بە پەرینەوە بۆ واتای خوازەیی ( رژا ) دەبێت کە بڵاوبوونەوەیە، بەم شێوەیە پێوەندی دەگەرێتەوە نێوان رژاو وشەکانی تری رستەکە.

( احمد مصطفی المراغی ) یش لەکتێبی ( علوم البلاغة ) دا دەڵێ ( چواندن کردارێکە لەکردارەکانی ٨ [١] دەروون ( نفس ) و هەردوو وشەی ( جناح ) و ( ذل ) لەدەستەواژەی ( جناح الذل ) دا بۆ واتای راستی ( حقیقی ) خۆیان بەکارهاتوون، ئەم رایەی ( المراغی ) محمد الولی یش ٩ [١] پشتگیری دەکات، بەڵام ئێمە بەو شێوەیە

لێیدەگەین کە لەدەستەواژەی (جناح الذل) دا تەنیا (الذل) بۆ واتای خۆی بەکارهاتووە، (جناح) خوازراوە بۆ ئەو شتەی کە (ذل) هەیەتی بەڵام لەبەرئەوەی (ذل) واتاییە، هەرشتێکیشی هەبێت هەردەبێت واتایی بێت، ئەوشتەی کە (ذل) هەیەتی بە (جناح) چوێنراوە.

المراغی لەخواستنی شاراوەدا هەر ڕای (القزوینی) هەیەو بەوە وەسفی دەکات کە چواندنێك لەدەروونی مرۆڤدا شاردراوەتەوە، بەڵام (السکاکی) بەخواستنی شاراوەی لەقەڵەم دەداو پێوەستەکەشی (جناح) ە، ئەگەر هەردوو وشەی (جناح) و (ذل) بۆ واتای خۆیان بەکارهاتبن ئەوا دەبنە رستەیەکی ڕێزمانی و هیچ بەزاندنێکی سنووری زمانی تێدا نابێ تەنیا ئەوە نەبێت کە (ذل) باڵی نییە واتا شتێکی لۆجیکیش نابێت ئەگەر هەردوو وشەکە بۆ واتای خۆیان بەکارهاتبن.

هەروەها (بدوی طبانة) لەشیکردنەوەی وێنەی ئەم ئایەتەدا (انا لما طغی الماء حملناکم في الجارية) دەڵێ [٢٠] لێخوازراو (مستعار منه) (تکبر وعلو) ە و خواستنی ژیرییە بۆ هەستی، ئێمە دەڵێین (تکبر وعلو) شتێك یان کەسێك نییە خوازراو بێت لەبەر سیفەتێك یان چەند سیفەتێك بەڵکو لێخوازراو (طاغی) کەسێکی زۆردارە واتا خواستنی هەستی بۆ هەستییە.

بەشی دووەم :

وێنەی خواستنی جووڵاو و جووڵە بەخش:

تەوەری یەکەم :

وێنەی جووڵاو/ وێنەی جووڵاو وەکو لەچواندندا باسمان کرد ئەو جووڵانەن کە لەچنینی بیری شاعیر نین، بەڵکو بەدیکردن و وێنەگرتنی جووڵەی شتەکانە لەلایەن شاعیرەوە.

شێخ نووری شاعیریش زۆر لەو جووڵەیەی بەدیکردووەو وە لەهەست و سۆزیدا وێنەی شتووەتەوە.

نێرگس و یاسەمەن و نەستەرەن و سەروو و چنار

هات و چۆیانە سەبا خوانی نەوایی چەمەن [٢٠٦]

لەم دێڕەدا گوڵ و درەختەکان دەشەکێنەوە، واتا جووڵە خۆی لەوێنەکەدا هەیەو شاعیر تەنیا وێنەی ئەو شەکانەوەیەی گرتووەو بووە بە هات و چۆ لەلای ئەم، واتا شەکانەوەو هاتووچۆ چوونەتە رەگەزی یەکەوە، لەم جۆرە وێنانەدا (وێنەی خواستن) شتەکانی سرووشت جووڵە وە سیفەتەکانی مرۆڤیان پێ دەبەخشرێت، بەڵام لەوێنە چواندنەکاندا هەست و نەست و هەڵچوونەکانی مرۆڤ بەهۆی شتەکانی سرووشتەوە دەردەبڕێ.

ڕێبازی بەلاغەی کۆن لەشیکردنەوەی ئەم وێنەیەدا :-

نێرگس و یاسەمەن و نەستەرەن و سەروو و چنار

هات و چۆیانە سەبا خوانی نەوایی چەمەن [٢٠٦]

دوو شێواز دەگیرێتەبەر:

شێوازی یەکەم/ نێرگس و یاسەمەن و نەستەرەن و سەروو و چنار واتای مرۆڤیان بۆ خوازراوە، لێخوازراو کە مرۆڤە لێرەدا وەکو واژە (لفظة) نەهاتووە بەڵکو بەڕێگای درکەوە هێناومانە، بۆ ئەو گوڵانە خواستوومانە، لەو گوڵانەدا واتای مرۆڤمان چەسپاندووە، گوڵەکان (نێرگس و یاسەمەن و) کە بۆخوازراون (المستعار له) هاتوون مرۆڤ کە لێخوازراوە (المستعار منه) خواستوومانە بەڵام چۆن؟ تەنیا هەر واتاکەیمان هێناوەو

لەگوڵەکاندا چەسپاندوومانەو وەکو واژە نەمانهێناوە بەڵکو بەشاراوەیی و بەڕێگای درکەوە هێناومانە. ئەم جۆرە خواستنە پێی دەوترێت خواستنی شاراوە (درکاو) (الأستعارة المكنية).

شێوازی دووەم/ بەڕێگای فرمانەوە وێنە شیدەکەینەوە، (نێرگس و یاسەمەن و نەستەرەن و سەروو و چنار) هاتوچۆ ناکەن چونکە لەشوێنی خۆیاندا چەقیوون بەڵکو تەنیا دەشەکێنەوە، لێرەدا شاعیر فرمانی هاتوچۆی خواستووە بۆئەوەی جێگای (دەشەکێتەوە) بگرێتەوە، هاتووچۆ لێخوازراوە (المستعار منه) و (دەشەکێتەوە) بۆخوازراوە (المستعار له)، واتا لێرەدا لێخوازراو هاتووەو لەفرمانیشدا ڕووی داوە، لەبەرئەمە پێی دەوترێت خواستنی ئاشکرای پاشکۆیی (الأستعارة التصريحية التبعية) ئەم جۆرە بەردەوام پاشکۆیە بۆ خواستنی شاراوە هەموو خواستنێکی شاراوە پێوەستە (قرينه) کەی ئەگەر فرمان بوو دەبێت بەخواستنی ئاشکرای پاشکۆیی، بەڵام ئەگەر قەرینەکە ناو بوو دەبێت بەخواستنی ئاشکرا.

بەم شێوەیە دەبینین بەلاغەی کۆن بەشێوەی ئەستوونی و تەنیا لەوشە خوازراوەکە دەکۆڵێتەوە بێگوێدانە بەراوردکردنی لەگەڵ وشەکانی تری ڕستەکەدا. چونکە هەموو وشەکانی وێنەکە خوازراو نین بەڵکو وشەی ئاسایین (فەرهەنگین).

شیکردنەوەی نوێ:

نێرگس و یاسەمەن و نەستەرەن و سەروو و چنار

هات و چۆیانە سەبا خوانی نەوایی چەمەن [٢٠٦]

پرۆسەی دروستبوونی خوازە لێرەدا بەدوو چرکەسات (لحظة) دەبێت:

چرکەساتی یەکەم/ لێکدوورکەوتنەوە، لێرەدا ئەو دوورکەوتنەوەیە (التنافر) لەنێوان (هات وچۆ) و وشەکانی تری ڕستەکەدایە وەکو نێرگس و یاسەمەن و نەستەرەن و سەروو و چنار، چونکە ئەمانە هاتووچۆ ناکەن، واتا لۆجیکی نییە گەر بڵێین ئەو گوڵ و درەختانە هاتووچۆ دەکەن، (هاتووچۆ) و وشەکانی تری ڕستەکە لەواتادا لەگەڵ یەکتردا ناگونجێن و دووردەکەونەوە لەیەك.

چرکەساتی دووەم/ ڕەوینەوەی ئەو لێکدوورکەوتنەوەیە بە پەڕینەوە لەواتای یەکەمی وشە خوازراوەکەوە بۆ واتای دووەمی، واتا بە پەڕینەوە لەواتای فەرهەنگی وشەکەوە بۆ ئەو واتا نوێیەی کە بۆی خوازراوە، گونجاندن لەنێوان وشەی (هاتووچۆیانە) و وشەکانی تری ڕستەکەدا دروست دەبێت چونکە ئەو بۆشاییە (فجوة) یەی کە لەچرکەساتی یەکەمدا دروستبوو نامێنێ.



لەباغا گوڵ کەچاوی کردەوە تۆ چاوی خۆت لێکنا

مەگەر بۆ چاوی لێکناوت بەچاوی چاوەڕوان ئەگری [139]

لەم دێڕەدا وێنەی مرۆڤ خوزراوە بۆ گوڵ چونکە گوڵ چاو ناکاتەوە گوڵ بەجووڵەی پەڕەکانی دەم دەکاتەوە، شاعیر ئەم وێنەیەی لەچاوکردنەوەی مرۆڤێکدا بەدی کردووەو هەردوو وێنەکەی خستووەتە رەگەزی یەکەوە، لێرەدا جووڵە نەخراوەتە وێنەکەوە بەڵکو وێنەکە خۆی جووڵەی تێدایەو شاعیر تەنیا وێنەی گرتووە.

شیکردنەوەی بەلاغەی کۆن:

ئەم وێنەیە بەڕێگای خواستنی شاراوە درووستبووە، گوڵ چوێنراوە بەمرۆڤ کە لەرستەکەدا نەهاتووە، تەنیا پێوەستێکی هاتووە کە چاوکردنەوەیە و لەڕێگای فرمانەکەشەوە، واتا خواستنی ئاشکرای پاشکۆییە.

شیکردنەوەی نوێ:

بە پەڕینەوە لەواتای فەرهەنگی (چاوی کردەوە) بۆ واتای دووەمی (دەم دەکاتەوە) ئەو لێکدوورکەوتنەوەیە دەڕەوێتەوەو گونجاندن لەنێوان وشەکانی رستەکەدا دروست دەبێت.

تەوەری دووەم :

وێنەی جووڵە بەخش (الحركية):

شاعیر ئەم وێنانە لەدوو پرۆسەدا بەئەنجام دەگەیەنێ، پرۆسەی یەکەم بەرجەستەکردنیان و پرۆسەی دووەم بەخشینی ژیان پێیان، زۆر لەوێنە هونەرییەکانی شێخ نووری شاعیریش جووڵەی خستووەتە ئەو شتانەی کە توانای جووڵەیان نییە.

نێژرا سروورو خەم سەری هێنایە دەر لەخاک

خەو کەوتە چاوی خۆشی و هەڵسا لەخەو کەدەر [133]

لەم دێڕەی سەرەوەدا هێشووە وێنەیەک بەدی دەکەین، چوار وێنەی بەهێزی لەخۆگرتووە، هەموو رستەکان لەگەڵ جیاوازی واژەو داڕشتن و واتا، راستیەکانیان لەبازنەی واتایەکدان کەئەویش ئەو بارە دەروونییە ناهەموارەیە کەشاعیر تێیدا دەژی کە نەک تەنیا لەساتەکانی درووستبوونی وتەکەدا بەڵکو کانییەکی هەمیشەیی لەدەروونی شاعیردا تەقیوەتەوە، بۆیە هێشووە وێنەیەک تێیدا درووستبووە، هەر بۆنەیەکی ناخۆش ئەو جووڵەیەی خستووەتە سۆزی شاعیرەوە بۆئەوەی هۆنراوەیەک لەخەم بچنێ بەڵام لەبەرئەوەی وکو وتمان دەروونی شاعیر عەماری خەمە کەڵەکەبووەکانی ژیانە جاهەر بۆنەیەک کە جووڵە دەخاتە سۆزییەوە هێزە جێگیرەکانی دەروونی شاعیر تێکدەچن و دەبنەهۆی هەڵچوونی ئەم گڕکانەی دەروونی و تینی گەرمی وێنە هەڵقوڵاوەکان لەگڕی ئاگر بەتینتر دەبێت.

نێژرا سروور/ سروور خۆی واتاییەو قەوارەیەکی نییە بەڵام لێرەدا لەوێنەی مرۆڤێکدا بەدی دەکەین کە ژیان

لەدەست دەدات و دەمرێ و دەنێژرێ. (ئەگەر وەکو ناشتنی نەمامی درەختیش بێت ئەوا دیسان جووڵەی پێ دەدرێت).

خەم سەری هێنایە دەر/ خەم دیسان واتاییەو بێ جووڵەیە لێرەدا بەرجەستەکراوەو جووڵەی پێ بەخشراوە.

هەڵسا لەخەو کەدەر/ (کەدەر) لەم وێنەیەدا لەشێوەی مرۆڤێکدا هەڵسوکەوت دەکات لەکاتێکدا خۆی شتێکی بەرجەستە نییە، نەسروور، نەخەم، نەکەدەر، توانای جووڵەیان نییە، بەڵام لێرەدا ئەو توانایەیان پێ بەخشراوە.

شیکردنەوەی بەلاغەی کۆن:-

نێژرا سروورو خەم سەری هێنایە دەر لەخاك

خەو کەوتە چاوی خۆشی و هەڵیا لەخەو کەدەر [١٣٣]

لەم دێڕەدا کۆمەڵێ وێنە هاتوون و لەچنینیاندا یەك شێوازی هونەری بەکارهێنراون و ئێمەش تەنیا وێنەی یەکەم شیدەکەینەوە:

نێژرا سروور/ ئەگەر لە (سروور) ەوە وێنەکە شیبکەینەوە، سروور بە مردووێك چوێنراوە، واتای مردووێك بۆ سروور خوازراوە بەڵام مردوو وەکو (واژە) نەهاتووە بەڵکو تەنیا واتای بۆ سروور خوازراوەو تەنیا پێوەستی (قرینە) ی مردوو هاتووە کە (نێژرا) یە، سروور بۆخوازراوەو لەوێنەکەدا هاتووە، ئەم جۆرە خواستنە پێی دەوترێت خواستنی شاراوە (درکاو) (الأستعارة المكنية).

ئەگەر لە (نێژرا) وە وێنەکە شیبکەینەوە، نێژرا سروور، لەراستیدا سروور نانێژرێ بەڵکو نامێنێ و دەتوانین بڵێین (نەما سروور) لێرەدا واژەی (نێژرا) خوازراوە بۆ (نەما) نێژراکە لێخوازراوە هاتووەو نەماکە بۆخوازراوە نەهاتووە، پرۆسەکەش لەفرماندا ڕووی داوە بەم جۆرە دەوترێت خواستنی ئاشکرای پاشکۆیی (الأستعارة التصريحية التبعية).

شیکردنەوەی نوێ:

نێژرا سروور

دوو چرکەساتی درووستبوونی خوازە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

١. چرکەساتی (لحظة) لێکدوورکەوتنەوە: وەك دەبینین بۆشاییەکی زۆر کەوتووەتە نێوان واتای هەردوو وشەی (نێژرا) و (سروور) ەوە چونکە لەزماندا نێژرا بۆ سروور بەکارنایەت، بەڵکو لەحەقیقەت دا (نەما، بەسەرچوو،...) ی بۆ بەکاردەهێنرێت، واتا خوێنەر لەم چرکەساتەدا هەست بەوە دەکات کە دەلالەتی ڕێزمانی وشە لێرەدا هەڵوەشابێتەوەو نالۆجیکییەك لەزماندا لێرەدا بەدیدەکات کە جان کۆهین بەلێکدوورکەوتنەوە (التنافر) ناوی ناوە.

٢. چرکەساتی دووەم/ ڕەوینەوەی ئەو لێکدوورکەوتنەوەیە بە پەڕینەوە لەواتای حەقیقی وشەکەوە بۆ واتای دووەمی کە واتای خوازەیی وشەکەیە ئەو لێکدوورکەوتنەوەیە دەڕەوێتەوەو ئەو بۆشاییە (فجوە) یەی کە لەنێوان هەردوو وشەکەدا هەبوو نامێنێ و گونجان لەنێوان واتای هەردوو وشەکەدا درووست دەبێت، لێرەدا

دێڕە شیعرەکە کۆمەڵە وێنەیەکی لەدوای یەکە لەبەرئەمە وشە خوازراوەکەمان لەگەڵ هەموو وشەکانی رستەکەدا بەراوورد نەکرد.

مدلولی (٢) نەما

مدلولی (١) نێژرا

نێژرا سروور

ویجدان و حەقپەرستی لە مەنفا گەڕانەوە

تەسلیمی دەستی حاکمی عادیل کرانەوە [٣١٣]

ویجدان و حەقپەرستی واتایین و هیچ قەوارەیەکیان نییەو توانای هیچ جووڵەیەکیان نییە بەڵام لەم وێنەیەدا جووڵەیان پێبەخشراوە، ئەوەتا لەمەنفا دەگەڕێنەوە.

**شیکردنەوەی بەلاغەی کۆن:**

ویجدان و حەقپەرستی چوێنراون بە کەسێکی نەفیکراو و بگەڕێتەوە، واتای کەسێکی نەفیکراو، خوازراوە بۆ ویجدان و حەقپەرستی، ویجدان و حەقپەرستی بۆخوازراون و لەرستەکەدا هاتوون و لێخوازراو کەسێکی نەفیکراوەو کەسەکە نەهاتووە بەڵکو سیفەتێکی هاتووە کە (نەفیکراوە)، ئەم جۆرە خواستنە پێی دەوترێت خواستنی شاراوە.

لەزماندا لەمەنفا گەڕانەوە بۆ ویجدان و حەقپەرستی بەکارنایەت چونکە نەفیکردن وەسفە بۆ مرۆڤ، ئەو فرمانەی کە بۆ ویجدان و حەقپەرستی بەکاردێت لێرەدا بەکارنەهاتووە بەڵکو (لەمەنفا گەڕانەوە) ی بۆ بەکارهێنراوەو بۆی خوازراوە، بەم شێوەیەش دەتورێت خواستنی ئاشکرای پاشکۆیی چونکە لەفرماندا ڕوویداوە.

**شیکردنەوەی نوێ:-**

ویجدان و حەقپەرستی لە مەنفا گەڕانەوە

تەسلیمی دەستی حاکمی عادیل کرانەوە [٣١٣]

١- لەچرکەساتی یەکەمدا هەست بە نەگونجاندنێك لەنێوان (لەمەنفا گەڕانەوە) و (ویجدان و حەقپەرستی) لەواتادا دەکەین چونکە ویجدان و حەقپەرستی کەسێك نین تا لەمەنفا بگەڕێنەوە.

٢- لەچرکەساتی دووەمدا بە پەڕینەوە لەواتای یەکەمی وشەکەوە بۆ واتای دووەمی کە بەرقەراربوون و لەئارادابوونی ویجدان و حەقپەرستییە، گونجاندن لەنێوان وشەکانی رستەکەدا دروست دەبێت.

هاتنە ئاراوە دوای ماوەیەك

لە مەنفا گەڕانەوە (واتای فەرهەنگی) مدلولی (١)

ویجدان و حەقپەرستی لەمەنفا گەڕانەوە

**بەشی سێیەم :**

**ئەرکی وێنەی خواستن:**

**تەوەری یەکەم :**

**١. بەرجەستەکردن/**

**تا بەکەی تالأوی ئەم زەهرەت بچێژم رۆژو شەو**

**ئێش و ئازارت هەتاکەی کەیف و خۆشیم دیل ئەکا** [٣٨١]

**خەم و ناخۆشی واتایین و هیچ قەوارەیەکی بەرجەستەییان نییە، بەلأم لەم دێرەدا شاعیر لەوێنەی (زەهر) دا بەرجەستەی کردووە.**

**شیکردنەوەی بەلاغەی کۆن:-**

**تا بەکەی تالأوی ئەم زەهرەت بچێژم رۆژو شەو**

**ئێش و ئازارت هەتاکەی کەیف و خۆشیم دیل ئەکا** [٣٨١]

**تالأوی ئەم زەهرەت بچێژم**

**لەم وێنەیەدا (ژەهر) خوازراوە بۆ غەم و خەفەت، واتا غەم و خەفەت چوێنراوە بە (زەهر)، زەهر هاتووە کە پێچوێنراوە (لێخوازراو) ە، ئەوەی غەم و زەهر لێرەدا کۆدەکاتەوە ئازاربەخشینە غەم بۆخوازراوە لەوێنەکەدا نەهاتووە ئەم جۆرە خواستنە پێی دەوترێت خواستنی ئاشکرا (الأستعارة التصريحية)، چونکە ئەو واژەیەی دەیخوازین بەئاشکرا واژەکەی لەرستەکەدا دێنینەوە، لێرەدا (زەهر) دوو واتای هەیە، واتای یەکەم کەناسراوە (المعنى المتعارف) کە واتا فەرهەنگێکەی زەهرو واتای نەناسراو (المعنى غير المتعارف) کەواتای غەم و خەفەت دەگەیەنێ.**

**تالأویش خوازراوە بۆ ئێش و ئازاری غەم و خەفەت، ئەم جۆرە شیکردنەوەیە ئەستوونییە و زیاتر بایەخ بەوشە خوازراوەکە بەتاکی دەدات نەك شوێن و پێوەندی لەگەڵ وشەکانی تری رستەکەدا.**

**شیکردنەوەی نوێ:-**

**تالأوی ئەم زەهرەت بچێژم**

**پرۆسەی دروستبوونی وێنە لێرەشدا بەدوو چرکەسات درووست دەبێت:**

**١- چرکەساتی یەکەم/ ئەو بۆشاییەو لێکدوورکەوتنەوەیەیە کە لەنێوان (تالأو و زەهر) و (تۆ) دایە چونکە تۆ زەهرت نییە.**



٢- چركەساتی دووەم بە پەڕینەوە لەواتای یەكەمی وشە خوازراوەكەوە بۆ واتای دووەمی ( خوازەیی ) ئەو بۆشاییە كە لەنێوان (زەهر) و (تۆ) دا پەیدابوو بوو نامێنێ و لێكدووركەوتنەوەكە دەرەوێتەوەو گونجاندن لەنێوان وشەكانی رستەكەدا درووست دەبێت.

ئەم جۆرە شیكردنەوەیە كە رەخنەی نوێ پێڕەوی دەكات شیكردنەوەیەكی ئاسۆییە ( تەكنیشینی ) واتا لەجۆری پێوەندی نێوان وشەكانی رستەكەوە خوازەكە دەستنیشان دەكرێت.

دایم بەگڕی ئاگری تۆ سینە كەبابم

چاوم لەغەم و میحنەتت فرمێسك ئەرژێنێ [١٨٥]

لەم وێنەیەی سەرەوە غەم و ئاهی سینە، شاعیر لەوێنەی ئاگردا بەرجەستەی كردووە. واتا وێنەكە ئەركی بەرجەستەكردنی لەئەستۆ گرتووە.

**شیكردنەوەی بەلاغەی كۆن:**

دایم بەگڕی ئاگری تۆ سینە كەبابم

لەم وێنەیەدا شاعیر گڕی ئاگری خواستووە بۆ ئێش و ئازاری خەمی پەنگخواردووی سینەی، (گڕی ئاگر) كە لێخوازراوە لەوێنەكەدا هاتووەو بۆخوازراو كە ئێش و ئازاری خەمی سینەیەتی لەوێنەكەدا نەهاتووە بەم جۆرە خواستنە دەوترێت خواستنی ئاشكرا.

**شیكردنەوەی نوێ:**

پرۆسەی درووستبوونی وێنە لێرەشدا بەدوو چركەسات درووست دەبێت:

چركەساتی یەكەم/ لێكدووركەوتنەوە (التنافر) ی نێوان (گڕ ی ئاگر) و (تۆ) دا چونكە مرۆڤ گڕی ئاگری نییەو هیچ كاتێك ئاگر لەسینەدا نەبووە، بەم جۆرە دەبینین سنووری زمان تێكچووەو بۆشاییەك لەرووی واتاوە كەوتووەتە نێوان وشەكانی رستەكەوە.

چركەساتی دووەم/ چركەی گونجاندن لەنێوان وشەكانی رستەكەدا ئەمەش بە پەڕینەوە دەبێت لەواتای یەكەمی وشە خوازراوەكەوە بۆ واتای دووەم ( خوازەیی )، لێرەدا بە پەڕینەوە لەواتای یەكەمی گڕی ئاگر كە واتا فەرهەنگییەكەیەتی بۆ واتای دووەمی كە ئێش و ئازاری خەمە، گونجاندن لەنێوان وشەكانی رستە درووست دەبێت.

مدلوولی (١) (واتای فەرهەنگی) — مەدلوولی (٢)

گڕی ئاگر — ئێش و ئازاری غەم

دایم بەگڕی ئاگری تۆ سینە كەبابم

**تەوەری دووەم :**

٢. بەكەسكردن (التشخیص):

زوبانی شیعری گرتم شێوەی ئادابی شێواندم

فەصاحەت کەوتە ناڵین و بەلاغەت کەوتە گریانم [215]

فەساحەت و بەلاغەت دوو زاراوەی واتایین لەم دوو وێنەیەدا بەرجەستەکراون و دوایش ژیانیان پێبەخشراوەو لەشێوەی مرۆڤدا هەڵسوکەوت دەکەن، فەساحەت دەناڵێنێ و بەلاغەت دەگری، هەروەها هاودژیش (العنادیە) لەدرووستکردنی وێنەکەدا بەشدارە، چونکە فەساحەت و بەلاغەت هەردوو لووتکەی توانای دەربڕینن کەچی لێرەدا کەوتونەتە ناڵین و گریان.

فەساحەت کەوتە ناڵین

لەم وێنەیەدا، ناڵین لەسیفەتی فەساحەت نییە بەڵکو هی مرۆڤە واتا وێنەی مرۆڤ خوازراوە بۆ فەساحەت، فەساحەت بۆخوازراوەو لەرستەکەدا هاتووە، لێخوازراو کە مرۆڤە لەرستەکەدا نەهاتووە بەڵکو تەنیا پێوەست (قرینە) یەکی هاتووە کە (کەوتە ناڵین)ە، ئەم جۆرە خواستنە شاراوەیە (درکاو) (المکنیة).

چەمەن کەوتووەتە خەندەو من بەگریان

ئەناڵێنم وەکو هەوری بەهاران [198]

(چەمەن) خۆی بەرجەستەیە بەڵام لێرەدا گیانی بەبەرگدا کراوەو لەشێوەی کەسێکدا شاعیر بینیوێتی کە پێئەکەنێ، وێنە لێرەدا ئەرکی بەکەسکردنی گرتووەتە ئەستۆ.

شیکردنەوەی بەلاغەی کۆن:

وێنەی کەسێك کە پێئەکەنێ خوازراوە بۆ چەمەن، چەمەن بۆخوازراوەو لەوێنەکەدا هاتووەو کەسەکە کە لێخوازراوە نەهاتووە بەڵکو پێوەستێکی (لازم) هاتووە کە پێکەنینە بەم شێوەیە خواستنی شاراوە درووست دەبێت.

لەلایەکی ترەوە چەمەن پێناکەنێ بەڵکو شین و گەش دەبێت شاعیر ئەو شین و گەشبوونەی چەمەنی چواندووە بە پێکەنین واتا وشەی (پێئەکەنێ)ی خواستووە بۆئەوەی واتای شین و گەش بگەیەنێ. (پێئەکەنێ) لێخوازراوە، ئەم جۆرە خواستنە ئاشکرایەو، پرۆسەکە لەفرماندا ڕوویداوە لەبەرئەمە پێی دەوترێت خواستنی ئاشکرای پاشکۆیی.

شیکردنەوەی نوێ:

چەمەن کەوتووەتە خەندەو من بەگریان

دوو چرکەساتی درووستبوونی وێنەکە بەم شێوەیەی خوارەوە:

چرکەساتی یەکەم/ چرکەساتی درووستبوونی بۆشایی (فجوە) نێوان (خەندە) و (چەمەن) لەبارەی واتاوە، چونکە بەپێی واتای فەرهەنگی (خەندە)، لۆجیك بوار بەهیچ پێوەندییەك لەنێوان خەندەو چەمەندا نادات چونکە خەندە سیفەتێك نییە بدرێتە پاڵ چەمەن.

چرکەساتی دووەم/ بە پەڕینەوە لەواتای فەرهەنگی خەندەوە بۆ واتای دووەمی کەواتای خوازەییەو شین بوون و گەشانەوەیە، پێوەندییەکی لۆجیکی لەنێوان هەردوو وشەکەدا درووست دەبێت، ئەم پێوەندییە نوێیە گیانێك دەخاتە بەر ڕستەکە کە زمانی ئاسایی ئەم کارەی لەتوانادا نییە چونکە ئەگەر زمانی ئاسایی ئەو

کاریگەرییەی ببوایە هیچ پێویستییەك بەخوازە نەدەما.

بگری ئەی شاعیری ناتەوان بگری

مرد لە رۆحی منا هەموو ئامال [٢٠٦]

(مرد لە رۆحی منا هەموو ئامال)، ئامال واتاییەو هیچ قەوارەیەکی تایبەتی نییە، وێنە لێرەدا سێ ئەرکی تێدا بینیوە:

١- بەرجەستەکردنی ئامال چونکە لێرەدا ئامال لەشێوەی مرۆڤێکدایە.
٢- بەکەسکردنی ئامال، کە دەڵێین لەشێوەی مرۆڤێکدا بەدیدەکەین واتا ژیانیشی پێبەخشراوە.
٣- مراندوویێتی، وێنەکە هەروەکو توانیویێتی ئامال بەرجەستە بکات و ژیانیشی پێببەخشێ، بەو شێوەیەش ئەرکی مراندنی (ئامال) یشی خستووەتە ئەستۆ.

**شیکردنەوەی بەلاغەی کۆن:**

مرد لە رۆحی منا هەموو ئامال

ئامال مرۆڤێك نییە تا بمرێ بەڵکو سیفەتی مرۆڤی بۆخوازراوە، واتا مرۆڤ لێخوازراوەو ئامال بۆخوازراوەو لەرستەکەدا بوونی هەیەو لەگەڵ پێوەستێکی لێخوازراودا کە وشەی (مرد) ە، بەم شێوەیە خواستنی شاراوە درووست دەبێت.

لەلایەکی ترەوە ئامال نامرێ بەڵکو نامێنێ و لەدەست دەچێت، لێرەدا شاعیر وشەی (مرد) ی خواستووە بۆ ئەو نەمانەو (مرد) کە لێخوازراوە لەرستەکەدا بوونی هەیە، بەم شێوەیە خواستنی ئاشکرای پاشکۆیی درووست دەبێت چونکە لەفرماندا ڕوویداوە.

**شیکردنەوەی نوێ:**

مرد لە رۆحی منا هەموو ئامال

پرۆسەی درووستبوونی خوازە لەم وێنەیەی سەرەوەدا:

چرکەساتی یەکەم/ چرکەساتی دوورکەوتنەوەی وشە خوازراوی (مرد) ە لەگەڵ وشەکانی تری رستەکەدا لەڕووی واتاوە، چونکە هیچ پێوەندییەکی لۆجیکی لەنێوان (مرد) و وشەکانی تری رستەکە بەتایبەت (ئامال) دا کە بکەرە، نییەو بەم شێوەیە رستەکە بێسوود دەمێنێتەوە.

چرکەساتی دووەم/ چرکەساتی نەمانی ئەو بۆشاییەی کە لەنێوان مردو وشەکانی تردا هەیە، ئەمە بە پەڕینەوە لەواتای فەرهەنگی (مرد) ەوە بۆ واتای خوازەیی دەبێ، ئەم پەڕینەوەیەش بە پێی هاوبەشی لەنێوان سیمە دەلالیەکانیاندا دەبێ، ئەگەر ئەو هاوبەشیە نەبێت پەڕینەوەکەش نابێت.



خەفەت دەستی لەمل کردووم دەمی غەم وا لەناو دەمما

موبەدەل بوو بەتاڵی عەیش و نۆشی و شایی و ڕاوم ١٢٧

شاعیر لەم دێڕەدا خەفەتی لەشێوەی مرۆڤێکدا وێنە کێشاوە، ئەوەی زیاتر وێنەکەی دڵڕفێن کردووە، کۆبوونەوەی دوو چەمکی ناکۆک ( خەفەت و دەست لەمل کردن )، خەفەت هەرچەندە شتێك نییە مرۆڤ ئالوودەی بێت و لەگەڵیدا کۆك بێت، بەڵام ئەگەر بۆ ماوەیەکی زۆر هاودەمی کەسێك بوو ئەو جۆرە پێوەندییە دروست دەبێت کەشاعیر لێرەدا وێنەکەی پێ چنیوە، خەفەت واتاییە لێرەدا لەوێنەی کەسێکدا هەڵسوکەوت دەکات.

شیکردنەوەی بەلاغەی کۆن:

خەفەت دەستی لەمل کردووم

خەفەت کەسێك نییە تا دەست لەملان بکات، لێرەدا وێنەی کەسێکی بۆخوازراوە، خەفەت بۆخوازراوەو لەوێنەکەدا هاتووە، ئەوەی نەهاتووە مرۆڤە کە لێخوازراوەو تەنیا پێوەستێکی هاتووە کە (دەست لەمل کردنە )، بەم شێوەیە خواستنی شاراوە درووست دەبێت.

لەلایەکی ترەوە خەفەت دەست لەمل ناکات بەڵکو تووشی مرۆڤ دەبێت، دەست لەمل کردن خوازراوە بۆ ئەوەی شوێنی ئەو تووشبوونە بگرێتەوە واتا لێخوازراو هاتووەو بۆخوازراو نەهاتووە، ئەم جۆرەش پێیدەوترێت خواستنی ئاشکرای پاشکۆیی چونکە لەفرماندا ڕووی داوە.

خەفەت دەستی لەمل کردووم

شیکردنەوەی نوێ:

لێرەشدا وێنە بەدوو چرکەساتدا تێپەڕیوە بۆ ئەوەی درووست بێت:

چرکەساتی یەکەم/ نەگونجانی ( خەفەت ) لەگەڵ وشەکانی تری رستەکەدا لەڕووی واتاوەو درووستبوونی ئەو بۆشاییە ( فجوە ) یە کە یەکەم قۆناغی گوێزانەوەیە لەزمانی ئاساییەوە بۆ زمانی شیعر.

چرکەساتی دووەم/ بە پێی پێوەندییەك کە لەنێوان واتای یەکەم و دووەمی وشە خوازراوەکەدا کە دەبێ ببێ، وشەکە دەپەڕێتەوە بۆ واتای دووەمی کە واتا خوازەییەکەیەو تووشبوو دەگەیەنێ، پردی پێوەندی نێوان خەفەت و وشەکانی تری رستەکە درووست دەبێت و لۆجیك دەگەڕێتەوە بۆی. کەدەڵێین وێنە لێکدانی دوو بیرە بۆ درووستبوونی بیرێکی نوێ لێرەدا ( تووشبوون ) کە واتای خوازەیی دەست لەملە چەمکێکی نوێیە لەئە نجامی ئاوێتەبوونی هەردوو چەمکەکەی پێشوو درووستبووەو ( تووشبوون ) هەر بە واتاکەی پێشووی نەمایەوە بەڵکو لەخەسڵەتەکانی چەمکی دەستلەملکردنی وەرگرتووەو بۆیە شاعیر بەم شێوەیە بەکاری هێناوە.

تەوەری سێیەم:

٣. پێکەوە گونجانی ناکۆك و هاودژەکان:

ئەگری تەرەب، خەفەت دەستی کردۆتە پێکەنین

شایی لە شیوەنایە کەدەر کەیفی کەوتە سەر ١٣٤

لەم دێڕەدا گریان دژی تەڕەبە، خەفەت دژی پێکەنینە، شایی دژی شیوەنە، کەدەر دژی کەیف و خۆشییە، بەڵام لێرەدا ئەو هاودژییە ڕۆڵی گرنگی بینیوە لەدرووستبوونی وێنەکان بەو ئاستە بەرزەیان، واتا لێرەدا وێنەی هونەریی نەك تەنیا دەتوانێ هاودژەکان پێکەوە بگونجێنێ بەڵکو لەئاستێکی بەرزی هونەریشدا دەیانئنوێنێ ئەم جۆرە پێی وتراوە ( استعارة تناحرية ).١[٢]

**شیکردنەوەی بەلاغەی کۆن:-**

ئەگری تەڕەب، خەفەت دەستی کردۆتە پێکەنین

شایی لە شیوەنایە کەدەر کەیفی کەوتە سەر [١٣٤]

لەم دێڕەدا هێشوویەك وێنە بەدیدەکەین، هەموویان بەیەك شێواز چنراون لەبەرئەمە تەنیا وێنەی یەکەم شیدەکەینەوە:

ئەگری تەڕەب/ گریان سیفەتی تەڕەب نییە، بەڵکو سیفەتی مرۆڤە واتا وێنەی مرۆڤ خوازراوە بۆ تەڕەب، تەڕەب کە بۆخوازراوە لەوێنەکەدا بەدی دەکەین و مرۆڤ لێخوازراوە نەهاتووە بەڵکو پێوەستێکی هاتووە کە گریانە لەبەرئەمە پێی دەوترێت خواستنی ئاشکرا.

لەلایەکی ترەوە تەڕەب ناگری بەڵکو ئەو حاڵەتەی کە شاعیر لەتەڕەب دا بەدی کردووە چواندوێتی بەئاگرو، ئاگری بۆ خواستووە، ئەم جۆرەش پێی دەوترێت خواستنی ئاشکرای پاشکۆیی.

**شیکردنەوەی نوێ:**

ئەگری تەڕەب

لەبەرئەوەی ئەم جۆرە وێنانە ( تحقيقى ) نین و زیاتر وەهمین لەبەرئەمە تەمومژییەك لەوێنەکاندا بەدیدەکەین وەکو لەم نموونەیەدا دەیخەینەڕوو:

مەدلوولی ( ٢ )          نەما

مەدلوولی ( ١ ) واتای فەرهەنگی          ئەگری

ئەگری    تەڕەب

چرکەساتی یەکەم/ ئەو بۆشاییەیە کە لەنێوان ( ئەگری ) و ( تەڕەب ) دایە لەڕووی واتاوە.

چرکەساتی دووەم/ لێرەدا دەمانەوێ لەواتای یەکەمی ( ئەگری ) یەوە بپەڕینەوە بۆ واتای دووەم، دەبێ ئەو واتایە چی بێت کە لەگەڵ ( تەڕەب ) دا بگونجێ، لێرەدا دەتوانین تەنیا بڵێین ( نەما تەڕەب ) یان ( تەڕەب گۆڕرا بە شین ) لەمە زیاتر ناتوانین پێوەستی تەڕەب بەواتای تر باربکەین.

لەڕەوتی وێنەکەدا ئەوە تێدەگەین کە تەڕەب گۆڕراوە بۆ پێچەوانەی و لەبەرئەوەی بەرجەستە نییە تەنیا دەتوانین وەسفی بکەین و بڵێین ( تەڕەب نەما ) چونکە هەر شتێکی تر بڵێین دووبارە دەگەڕێنەوە چرکەساتی یەکەم و لەنێوان وشەکاندا بۆشایی درووست دەبێتەوە، جگە لەوەسف هەر کردارێك بدەینە پاڵ تەڕەب دەگەڕێینەوە بۆ هەنگاوی یەکەم.

**تەوەری چوارەم :**

**بێزراوکردن ( التقبيح ) و جوانکردن :**

دایگرن توخوا فرێی دەن بیخەنە تەندوورەوە

حەیفە رۆژی ڕوو ئەینێنە ناو شەوی دەیجوورەوە [٤٣٤]

شاعیر لێرەدا تەنیا لەبەر هاوبەشی ڕەنگ نییە کە ( پەچەو ) و (شەوی دەیجوور) ی خستووەتە یەک ئاستەوە، بەڵکو لەبەر سیفەتێکی تری شەوە کە مرۆڤ لەبینینی شتە جوانەکانی ژیان دائەبڕێت جگە لەمەش ڕەنگی ڕەش لەکۆمەڵگای کوردەواریی و زۆر کۆمەڵگای تردا ماتەمینی بەمرۆڤ دەبەخشێ، لێرەدا شاعیر شتێکی بێزراو نەکردووە ئەگەر شتەکە خۆی بێزراو نەبووبێ، بەڵکو ئەو سیفەتەی بەشێوەیەکی زیندووتر بەرجەستە کردووەو زیاتر حەقیقەتی بەرجەستە کردووە، هەرچەندە جادوویی وێنە لەتوانایدایە دیاردەی جوان بێزراو بکات و بە پێچەوانەشەوە.

شیکردنەوەی بەلاغەی کۆن:

دایگرن توخوا فڕێی دەن بیخەنە تەندوورەوە

حەیفە رۆژی ڕوو ئەینێنە ناو شەوی دەیجوورەوە [٤٣٤]

لەم دێڕەدا شەوی دەیجوور خوازراوە بۆ ئەوەی جێگای پەچە بگرێتەوە، شەوی دەیجوور لێخوازراوەو لەوێنەکەدا هاتووەو بۆخوازراو ( پەچە ) یەو نەهاتووە، ئەم جۆرە خواستنی ئاشکرای پێ دەوترێت، چونکە ئەو وشەیەی کە دەیخوازین بەئاشکرا واژەکەی لەرستەکەدا دێنینەوە.

شیکردنەوەی نوێ:-

دایگرن توخوا فڕێی دەن بیخەنە تەندوورەوە

حەیفە رۆژی ڕوو ئەینێنە ناو شەوی دەیجوورەوە [٤٣٤]

چرکەساتی یەکەم/ دەرکەوتنی ئەو بۆشاییەی نێوان ( شەوی دەیجوور ) و ( ڕوو ) چونکە ڕوو ناخرێتە ناو شەوی دەیجوور.

چرکەساتی دووەم/ بە پەڕینەوە لەواتای یەکەمی (شەوی دەیجوور) ەوە بۆ واتای دووەمی کە ( پەچە ) یە، گونجان لەنێوان وشەکانی ڕستەکەدا درووست دەبێت.

٤. جوانکردن ( بەرز ڕاگرتن ):

شاعیر ئەم جۆرە هونەرەی لەشیعرەکانیدا زۆر بەکارهێناوە، وتراوە کە شیعر جادوو ئاسا بیر دەگۆڕێ و ئەوەی گوێی لەوتەکانی حەجاج بگرتبایە هەموو خەڵکی عیراقی بەتاوانبار دەزانی و حەجاجیش بەبێ تاوان، بەڵام شێخ نووری شاعیر وێنەی بۆ جوانکردنی شتێکی ناشیرین یان بۆ بێزراوکردنی شتێکی جوان بەکارنەهێناوە، بەڵکو زیادەڕۆییەکەی شاعیر لەوەدا بووە کە بەوپەڕی وردییەوە دیمەنەکە یا حاڵەتەکەی بەگوێگر گەیاندووە، واتا شتی جوانی بەشێوەیەکی جوانتر بەرجەستە کردووەو شتی بێزراویشی بەشێوەیەکی بێزراوتر سیفەتەکەی ڕاگرتووە.

ئەگری و ئەڵێ وەتەن جگەری من بڕایەوە

نووری چرای مەجلیسی عیرفان کوژایەوە [١٤٨]

سیفەتە چاكەكانی ئەو كەسەی كە شاعیر مەبەستێتی كە ئەویش عەبدولكەریم بەگی حاجی عەبدوڵڵا كەركووكلی زادەیە لە (نووری چرای مەجلیسی عیرفان) دا بەرجەستە كردووە كە ئەمەش بەرزراگرتنی سیفەتی ئەو كەسایەتیەیە.

**شیكردنەوەی بەلاغەی كۆن:**

**ئەگری و ئەڵێ وەتەن جگەری من بڕایەوە**

**نووری چرای مەجلیسی عیرفان كوژایەوە [١٤٨]**

لەم دێڕەدا شاعیر (چرای) ی خواستووە بۆ ئەوەی جێگای كەسایەتی ناسراو (عەبدولكەریم بەگی حاجی عەبدوڵڵا كەركووكلی زادە) یەو لەچرادا سیفەتە بەرزەكانی ئەو كەسایەتییەی بەرجەستەكردووە.

لەوێنەكەدا لێخوازراو كە (چرا) یە هاتووەو بۆخوزاراو نەهاتووە ئەم جۆرە پێی دەوترێت خواستنی ئاشكرا.

هەروەها (كوژایەوە) ی بۆ خواستووە بۆ ئەوەی مردنی ئەو كەسایەتییە بەرجەستە بكات.

**شیكردنەوەی نوێ:-**

**ئەگری و ئەڵێ وەتەن جگەری من بڕایەوە**

**نووری چرای مەجلیسی عیرفان كوژایەوە [١٤٨]**

چركەساتی یەكەم/ ئەو دووركەوتنەوەیەیە كە لەنێوان (چرا...كوژایەوە) و وشەكانی تری رستەكەدایە.

چركەساتی دووەم/ بەپەڕینەوە لەواتای حەقیقی وشە خوازراوەكانەوە بۆ واتای خوازەییان گونجاندن لەنێوان وشەكانی رستەكەدا درووست دەبێت.

**ئەگری و ئەڵێ وەتەن جگەری من بڕایەوە**

**نووری چرای ← ... مەجلیسی عیرفان كوژایەوە [١٤٨]**

**↓ عەبدولكەریم بەگی حاجی عەبدوڵڵا ... ↓ كۆچی دوایی كرد**

پەراوێزەكان:

١. السكاكي. مفتاح العلوم ل٥٥٩.
٢. د.محمد بركات. البلاغة العربية في ضوء الأسلوبية ل١١٢.
٣. الولي محمد. الصورة الشعرية في الخطاب البلاغي و النقدي ل٢٥١.
٤. د.وحيد صبحي كبابة. الصورة الفنية في شعر الطائيين ل٢١.
٥. الولي محمد. الصورة الشعرية في الخطاب البلاغي و النقدي ل ٢٤٦.
٦. التفتازاني. شرح المختصر (البيان) ل ١٠٩.
٧. احمد فتحي رمضان، الأستعارة في القرآن الكريم ل١٤٨، مكتبة الآداب/ جامعة الموصل، ١٩٨٨.
٨. د.جوزيف ميشال. دليل الدراسات الأسلوبية ل٧٣.
٩. د.كامیل بەسیر. زانستی ئاوەڵواتا ل٥٧، چاپخانەی كۆڕی زانیاری عێراق ١٩٨١.
١٠. معروف النودهي. علم البيان متن ابي القاسم السمرقندي ل ٢٨.
١١. سيد احمد الهاشمي/ جواهر البلاغة ل ٢٥٥.
١٢. د.محمد حسين على الصغير. البيان العربي (رؤية بلاغية) ل ١٠٤.

١٣. د.احمد ياسوف. الصورة الفنية في الحديث النبوي الشريف ل٢٠٠.

- له (دلائل الإعجاز) دا ئەم دەربڕینەی لای خوارەوە بەخواستنی نوواندن (الإستعاره التمپیلیه) دراوە لەقەڵەم بۆ ئەوکەسەی کە دوو دڵ بێت لە کردن یان نەکردنی کارێکدا (اراك تقدم رجلاً و تؤخر اخری). دوایش ئەوانەی کە دوای جورجانی هاتوون لە سەکاکی و قەزوینی و... تا ئەوانەی هاوچەرخیشن هەر بەو شێوەیە شییان کردووەتەوە، هەرچەند مرۆڤ بەرامبەر بەم زانایانە دەبێت دەستەوەستان بووەستێت بەرامبەر بەو زانیاریانەو ئەو خزمەتەی کە بەزانست گەیاندوویانە، ئێمە ئەم نموونەیە وەك ڕایەکی متواچع بە (درکە لەسیفەت) ی لەقەڵەم دەدەین نەك خواستنی نوواندن چونکە ئێمە لێرەدا دەتوانین بڵێین شتێکمان نەخواستووە بەڵکو ئەوەی کە هاتووە پێوەستی (لازم) ی ئەو سیفەتەیە کە مەبەستە، واتا دوو دڵی لەکردنی کارێکدا، ئەوەی کە دوو دڵ بێت لەکردنی کارێکدا پێیەك پێش دەخات و ئەوی تر دوا دەخات، ئەم نموونەیە زۆر نزیکە لەنموونەی (چاونەترس) ەوە کە درکەیە لەسیفەتی ئازایی لێرەشدا ئەگەر بەوتەکەی جورجانی بێت دەبوایە ئەمەش خواستن بێت چونکە لەهەردوو نموونەکەدا دەربڕینەکان دەبن بە پێوەستی (لازم) ی سیفەتەکە، ئێمە لێرەدا ئەم دەربڕینانەمان لەشوێنێکی ترەوە نەهێناوە تا بەخواستنی لەقەڵەم بدەین بەڵکو ئەو دوو دڵییەی کەلە دەروونی ئەو کەسەدا هەیە بەشێوەی نەست (لاشعور) دزەی کردووەتە دەرەوەو لەو پێشخستن و پاشخستنی پێیدا بەرجەستەبووەو وێنەی کێشراوە، واتا (پێشخستن و پاشخستنی پێ) وێنە دەرەکیەکەیەو (دوو دڵییەکە) وێنەی ناوەوەیە، لە نموونەی چاونەترسیشدا بەهەمان شێوە هەست کردن بەئازایەتی لەدڵ و دەروونداو وێنەکەی ناوەوەیە و لەچاونەترسدا بەرجەستە بووە کە وێنەی دەرەوەی ئەو حاڵەتە دەروونییەیە چونکە سروشتییە یەکێك کە ئازا بێت چاوی ناترسێت.

١٤. د.عبدالقادر الرباعي. الصورة الفنية في النقد الشعري، ل ٩٤.

١٥. د.عبدة عبدالعزيز قلقيلة. البلاغة الأصطلاحية ل٦٦، دار الفكر العربي، القاهرة، ١٩٨٧.

١٦. بڕوانە جواهر البلاغه. سيد احمد الهاشمي، پەراوێزی ل ٢٢٦

١٧. هاوشێوەی ئەم نموونەیە سید ئەحمەد ئەلهاشمی لەپەراوێزی لاپەڕە ٢٢٦ دەهێنێتەوە.

١٨. احمد مصطفى المراغي، علوم البلاغة. ل٢٢٣.

١٩. الولى محمد. الصورة الشعرية في الخطاب البلاغي و النقدي، ل١٢١.

٢٠. بدوى طبانة. علم البيان، ل١٥١.

٢١. د. موسى ربابعة، جماليات الأسلوب و التلقي، ل ١٢-١٣.

## ئە نجام

١- شاعیر تەنیا لە چەند شیعرێکدا شێواز و تەکنیکی نوێی بەکارهێناوە لە زۆربەی شیعرەکانی تریدا وەکو شاعیرانی کلاسیك شێوازی تەقلیدی لە چنینی وێنەدا بەکارهێناوە واتە تەنیا هونەرەکانی ڕەوانبێژی بەکارهێناوە و وێنەی (ئیحائی) تێدا بەدی ناکەین

٢- وێنە هونەرییەکانی شاعیر ئەرکەگرنگەکانی بەجێ هێناوە کە بەرجەستە کردن و بەکەسکردن و پێکەوەگونجانی ناکۆکەکان و بێزراو کردن و جوان کردنە.

سەرچاوەکان:


١. ابو يعقوب السكاكى، مفتاح العلوم، مطبعة مصطفى البابي الحلبي، القاهرة، ١٩٧٣.

٢. محمد بركات حمدى ابو على (د)، البلاغة العربية في ضوء الأسلوبية و نظرية السياق، الطبعة الأولى، دار وائل للنشر، ٢٠٠٣.

٣. الولى محمد، الصورة الشعرية في الخطاب البلاغي و النقدي، الطبعة الأولى، المركز الثقافي العربي، بيروت، لبنان، ١٩٩٠.

٤. وحيد صبحي كبابة (د)، الصورة الفنية في شعر الطائيين، منشورات ا تحاد كتاب العرب، ١٩٩٩.

٥. سعدالدين التفتازانى، شرح التلخيص، منشورات دار الحكمة، قم، ايران.

٦. احمد فتحي رمضان، الأستعارة في القرآن الكريم، رسالة الدكتوراه، كلية الآداب، جامعة الموصل، ١٩٨٨.

٧. جوزيف ميشال شريم، دليل الدراسات الأسلوبية، المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر و التوزيع، ١٩٨٤.

٨. د.كاميل بصير، زانستی ئاوەڵواتا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، ١٩٨١.

٩. معروف النودهى، علم البيان (متن ابي القاسم السمرقندي)، مطبعة الفرات، بغداد، ١٩٣٦.

١٠. سيد احمد الهاشمي، جواهر البلاغة، دار الفكر، بيروت، لبنان، ١٩٩٤.

١١. محمد حسين على الصغير (د)، اصول البيان العربي، رؤية بلاغية معاصرة، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٦.

١٢. احمد ياسوف (د)، الصورة الفنية في الحديث النبوي الشريف.

١٣. عبدالقادر الرباعي (د)، الصورة الفنية في النقد الشعري، الطبعة الأولى، دار العلوم للطباعة، عمان، ١٩٨٤.

١٤. عبده عبدالعزيز قليقله (د)، البلاغة الأصطلاحية، دار الفكر العربي، القاهرة، ١٩٨٧.

١٥. احمد مصطفى المراغى (د)، علوم البلاغة، دار الكتب العلمية، بيروت، ١٩٨٢.

١٦. بدوى طبانة (د)، علم البيان، دراسة تأريخية في اصول البلاغة العربية، مكتبة الأنجلو المصرية، مطبعة الرسالة، ١٩٦٢.

١٧. موسى ربابعة، جمالية الأسلوب و التلقي، مؤسسة حمادة للدراسات الجامعية، الطبعة الأولى، اربد، الأردن، ٢٠٠٠.



## ملخص البحث

هذا البحث جزء من اطروحة الدكتوراه الموسومة (تطور الصورة الفنية في شعر الشيخ نورى الشيخ صالح) والتى هي جزء من متطلبات نيل شهادة الدكتوراه ، والتعليمات بهذا الصدد تلزمني على نشر جزء منها في مجلة علمية ، لذا اقدم هذا الجزء من فصل ( الصورة الاستعارية في شعر الشيخ نوري الشيخ صالح ) ٠
تناولت في بدايته الاستعارة التصريحية والمكنية والتبعية وبنماذج من شعر الشاعر سلطت الضوء على خاصية كل نوع من هذه الصور بعدها تناولت بشىء من الاسهاب ما نسجه خيال الشاعر من الصور المتحركة والحركية وبابراز دور هذا الفن الرفيع في اغناء الصورة واذكر منها الدور التجسيمي والتشخيصي انهينا هذا البحث ارجو ان ينال القبول والله من وراء القصد ٠

# Summary

*This Research is part of dessertation for PH . D degree entitled ( the development of Sheikh Nure Sheikh Salihs poetical images in his poetry which is a part of the commitment to have PH.D degree.*

*According to the due instruction in the university it must be published in a scientific bulletin .*

*The writer according to the poets( diwan ) has showed some patterns of metaphors , analysing each kind of this metaphors with details , especially what the poet created in enlightening the moving metaphors , and those silent ones which are given a moving aspect by the poet .*

*Giving emphasis on this delicate art , the poet enriched those pictures . The writer also tries to show the personification and identification of these images by the poet .*